**وەزارتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٣٦٣٣/٤/٩ لە ٢٠١٩/٤/١١**

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

**تایبەت بە لێخۆشبوون لە پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە و سندوقی نیشتەجێبوون**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦١) لە ٢٠١٧/١/٩ تایبەت بەو پێشینانە کە وەرگیران لەلایەن هاوسەری ( شەهیدان و بێ سەرو شوێنانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پاسەوانی سنوور و هاوڵاتیانی خۆبەخش و فەرمانبەرانی راژەی شارستانی ) و لەسەنگەرەکانی دژ بە تێرۆرستانی داعش گیانیان بەخت کردووە یان بێ سەرو شوێن بووان ، وەکو قەرزەکانی ( هاوسەرگیری ، خانووبەرە و سندوقی نیشتەجێبوون ) بڕیاردرا بە:-

**یەکەم:** هاوسەری شەهیدان و بێ سەرو شوێنکراوانی جەنگی دژ بە تێرۆیستانی داعش کە پێشێنەی هاوسەرگیریان وەرگرتووە بە هەمان شێوەی هەردوو فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧٦٢٦) لە ٢٠١٤/١١/٢٧ و(٨٠٧٥) لە ٢٠١٥/١٠/١٩ کە بە ڕێنماییەکانمان ژمارە (٣و٩ و ١٣)ی ساڵی ٢٠١٥ جێ بەجێ کراوە لە دانەوەی قەرزی پێشینەی هاوسەرگیری دەبەخشرێن.

**دووەم:** ئەو هاوسەری شەهید وبێ سەرو شوێنانەی جەنگی دژبە تیرۆرستانی داعش کە قستی یەکەمی پێشینەی سندوقی نیشەجێ بوونیان وەرگرتبێ و قستەکانی تری وەرنەگرتووە ، لە قستی یەکەم دەبەخشرێت و لەکاتی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی دارایی قستەکانی تریشیان پێ دەدرێت و بە هەمان شێوە لە دانەوەی پێشینەکان دەبەخشرێن.

**سێیەم** ئەوهاوسەری شەهید و بێ سەروشوێنانەی جەنگی دژ تێرۆریستانی داعش کە داواکاری پێشینەی خانووبەرەیان پێشکەش کردووە و ڕەزامەندیان وەرگرتووە ، دوای ئاسایی بوونەوەی دۆخی دارایی هەرێم پێشینەکانیان بۆ خەرج دەکرێت و بەهەمان شێوە لە دانەوەی پێشینەکان دەبەخشرێت.

**چوارەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە (ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی ئابووری**